شیعری هەبووە، لەگەڵ بەرەو پێشچوونی دونیای نووسین و شاعیربوونیدا بە چەندین فۆرمی شیعرنووسین گوزارشتی لەم بیرو هزرەی خۆی کردووەو لە شیعرەکانیدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە.

شێرکۆ بێکەس لە دەقی شیعری (کاوەی ئاسنگەر) دا، کە ((داستانێکی شیعری سەر شانۆیە لە نۆ تابلۆدا)) (بێکەس، ٢٠٠٩: ٧). شاعیر خودی خوی هەر لە سەرەتاوە بەم شێوەیە دەقەکە دەناسێنێت.

**لە تابلۆی شەشەم، لە نێوان کارداو کاوە :**
**کاردا : ئەنجام... پاکە**
**ئەمرین بۆ ئەوەی دەغڵ و دان**
**بە پیت تر بێ**
**شیری ناو دەنکی پڕ تر بێ**
**ئەمرین بۆ ئەوەی کە ژیان**
**بۆ نەوەی هاتوو خۆشتر بێ**
**ئەمرین ... بۆ ئەوەی کە مناڵ**
**بزەی لێوی بژی و نەمرێ**

**کاوە: ئەگەر مردین بە لەش ئەمرین**
**بۆیە ماڵ ئاوایی ناکەین**
**بۆیە ناگرین ....**
**بۆیە فرمێسکی زەبوونی**
**هەرگیز ناسرین ...**
**ئەگەر مردین، لە پاش خۆمان ... ئەمان بینن**
**بە گیان دەست لە ملتان ئەکەین**
**ئەژین لە ناو دەروونتانا**
**لەناو بیلبیلەی چاوتانا**
**لە دەنگتانا ...**
**لە هەڵبەست و وتارتانا**
**لە پایزو بەهارتانا**
**ئێمە ئەژین لە گەڵتانا (بێکەس،٢٠٠٩: ٩٤)**

شێرکۆ بێکەس لەم دێرانەدا لە زمانی کاوەوە، باس لە ئازایەتی و گیانبەخشینی ڕۆڵەکانی نەتەوەو ئامادەییان بۆ گیان بەختکردن، بۆ ئەوەی نیشتیمان جوانتر بێت، ئامادەیی گیان بەخشین دەدات، بۆ ئەوەی داهاتوو باش بێت، ژیانی نەوەی داهاتوو خۆش و پارێزراو بێت، گرنگی شاعیر هەر لەوەدا نییە، شاعیرێکی زمان پاراو و نیشتماندۆستە. بەڵکو لە ڕوانینی شێرکۆوە خەبات بۆ نیشتمان و گیان بەخشین بە نیشتیمان، وەک ئەرکێک سەیر دەکات لە پێناو باشی و خۆشی و ئاوەدانی نیشتیمان و ژیانێکی شایستە بۆ نەوەکانی ئایندەو بۆ ڕۆڵەکانی میللەت.

شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا لای خۆیەوە ئەرکی بۆ شیعر دەستنیشانکردووە، بەوەی شیعر گەرووی زوڵاڵی نەتەوەیە و دەربڕی ئێش و ئازارەکانی گەلەو غەمە قووڵەکەشی بریتییە لە ئازاری گەلێک و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە سەربەستی و ئازادی و هیواو تەمەننای وڵاتێکی سەربەخۆ و ئاوەدان و نەتەوەیەکی سەربەست لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم دێرانە وەک سەرمەشقی بیرو گووتارێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەمێنێتەوە کە چاوی خەڵک و نەوەکانی نەتەوە بۆ ئازادیی دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ستایلێکی شیعریی نوێی دادەمەزرێنێت لەو سەردەمەدا. ئەگەر شێرکۆ بێکەس نیشتمانی کردبێتە سەنتەر، ئەوا ئەو نیشتمان سەنتەرییە دەگاتە دوا پلەی خۆی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

